# سێ کۆمەڵ ناچنە بەهەشتەوە: ئەوەی خووگرتووە بە ئارەق خواردنەوە، وئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت، وئەوەی باوەڕی بە جادووگەری هەیە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ کۆمەڵ ناچنە بەهەشتەوە: ئەوەی خووگرتووە (مودمینە) بە ئارەق خواردنەوە، وئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت، وئەوەی باوەڕی بە جادووگەری هەیە».

[صەحیحە لغیرە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە سێ کۆمەڵ لە خەڵکی ناچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەو تاوانە گەورانەی کە ئەنجامی دەدەن کە ئەم تاوانانە هۆکاری زیانن بۆ تاک وکۆمەڵگە: 1/ خووگرتن بە ئارەق خواردنەوە (مودمینی ئارەق خواردن)، چونکە ئەمە هۆکاری لە دەستدانی ئەقڵ، وتێکچوون ونەمانی کەسایەتی مرۆڤە، وزیانێکی زۆری هەیە بۆ سەر کۆمەڵگا وخێزانەکان. 2/ نەگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕقایەتی وناکۆکی لە نێوان تاکەکانی ئەو خێزانە یان ئەو بنەماڵەدا، وئەمەش وا دەکات کە مرۆڤ بە تەنها بژێت ونزیکترین کەسی حەزی لێنەکات بەهۆی گرنگی نەدان پێیان وسەردانی نەکردنیان. 3/ باوەڕکردن بە قسەی جادووگەر وساحیرەکان، چونکە ئەمە هاندانە بۆ خوێندنەوەی شاراوەکان -غەیباتەکان- وفێڵکردن وهەڵخەڵەتاندنی خەڵکی وخواردنی پارەیان بە ناهەق، لێرەدا مەبەست باوەڕهێنان بەو هەواڵانەیە کە ساحیرەکان وجادووگەرەکان دەیڵێن نەک مەبەست لە کاریگەری سیحر وجادوو بێت چونکە سیحر وجادوو کاریگەرییان هەیە لەسەر مرۆڤ وئەمەش لە قورئان وسونەتدا بەڕوونی باسکراوە، وهەروەها ئەم هەڕەشە ئەوانەیش دەگرێتە کە زیاد لە سنووری خۆی باوەڕیان بە کاریگەری سیحر جادوو هەیە بۆ نمونە گۆڕینی سروشتی ماددەکان وەکو تەختە بۆ ئاڵتون وهاوشێوەی ئەمە؛ چونکە ساحیرەکان مەحاڵە بتوانن ئەمە بکەن تەنها خوای گەورە دەتوانێت ئەم کردەوانە بکات کە لە دەرەوەی توانای مرۆڤە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5951